لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست داوای ئازادکردنی ئیسلام کەشانی دەکات

لیژنەی پاراستنی ڕۆژنامەنووسان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا (CPJ)، داوای لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کرد، بەزووترین کات بەرپرسی نووسینگەی کەناڵی تەلەفزیۆنی سپێدە و ڕۆژنامەنووس ئیسلام کەشانی ئازاد بکەن و ڕایگەیاند، "پێویستە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان دەستبەجێ و بەمەرج ڕۆژنامەنوس ئیسلام کەشانی ئازاد بکەن"، هەروەها داوی کرد، هەکاری دەستگیرکردنی و هەڵکوتانە سەر ماڵەکەی ئاشکرا بکەن و دەنیایی بدەنە ڕۆژنامەنوسان ئازادانە کاری خۆیان بکەن.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (2023/8/24)، ڕۆژنامەنوس ئیسلام کەشانی بە مەبەستی چوون بە کاری میدیایی خۆی لە نوسینگەی کەناڵی ئاسمانی سپێدە و دەزگای خابیر، لە ماڵ دەرچوو، پێش ئەوەی بگاتە شوێنی کارەکەی لە گەڕەکی سەفین شاری زاخۆ، هەزەکی ئاسایش بە ئەوەی هیچ بەیارەکی دادگایان پێ بێت دەیگرن و دەیەفێنن و دواتر هەدەکوتنە سەر ماڵەکەی.